بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# تاواناسی



**م.ی توانا عثمان محمدامین**

**قۆناغی سێیەم – كۆمەڵناسی**

twanaosman357@Gmail.com

**Mobile :07504859088**


Criminology


CRIME
CRIMINOLOGY
THEORIES
THOUGHT
CRIMINAL
CONSIDERED
COMES
SCHOOLS
THINGS
CONTROL
PEOPLE
AREA
BEGAN
SIDE
PLACE
WITHIN
NDIVIDUAL
INDIVIDUALS
POSITIVISTS
SCHOOL
SOCIETY
BEHAVIOR
GENERATIONS
HEDONISTIC
MAY
SOCIAL
PERSON
RATIONAL
CRIMINOLOGISTS
ENVIRONMENT
CAUSES
MAKEUP
BELIEVE
ORDER

**تیۆری هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی :**

- خاتوو تۆرستن سیلین **Johan Thorsten Sellin** ڕابەری ئەم تیۆرەیە؛ ئەو لە توێژینەوەکەی خۆیدا بەوە گەیشت، کە ڕێژەی تاوان لە **شارەکانی** ئەمریکا زۆر زیاترە بە بەراورد لە **گوندەکانی** ئەمریکا.

- بۆیە بەراوردی کۆمەڵگەی **شارنشینی** کرد، لەگەڵ کۆمەڵگەی **گوندنشینی** لە چەندین بوارێکی جیاوازدا.

- دواجار بەو دەرئەنجامە گەیشت، کە هۆکاری **زۆری تاوان لە شارەکاندا**، بەهۆی **هەڵوەشانەوە و لێکترازانی کۆمەڵایەتییە** لەشارەکاندا.

- **ئەو دەڵێت**: بۆچارەسەرکردنی تاوان؛ پێویستمان بە گیانی خۆشەویستی و هاوکاری و لێبوردەییە کە ئەمانە لە گوندەکاندا زیاترن تا شارەکان.

- ئەو پێی وایە؛ ژیانی گوند **سادەیە** و ئامرازەکانی ئەنجامدانی تاوانی **کەمە.**

- هەروەها هەتا مرۆڤ لەناو سۆز و خۆشەویستی و خێزانێکی جێگیردا بێت و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ خزم و هاوڕێی و هاوکارانی هەبێت، کەمتر توشی بێزاری و خەمۆکی و تاوان دەبێت.

- ئەمانە لەشاردا بونی نییە یان زۆر لاوازە؛ ئەوەی دەبێـتە هۆی زۆربوونی تاوان بریتین لە (خێزانی ناجێگر، پەیوەندی بەرژەوەندی خوازی، نەبوونی گیانی هاوکاری، هەستکردن بە بێ پشتوانی....)، ئەمەش لە سیما دیارەکانی ژیانی شارییە.

- بۆیە کاریگەری دەبێت لەسەر زیادکردنی تاوان و لادان.

- ئەو دەڵێت: گوندنشینان کەمتر پێویستیان بە **پارە** هەیە، بەهۆی ئەوەی کێشەی باج و کرێی نیشتەجێ بوونیان لەسەر نییە یان زۆر کەمە.

- ئەوان کەمتر بەدوای **خۆڕازاندنەوەن**، بە شتی ئاسایی و هەرزان ڕازین.

- هەرتاکێك لەگوند ئەگەر توشی کێشەیەکی ئابوری بێت؛ **خزم و خێزان و هاوڕێکانی هاوکاری دەکەن** و لەو قەیرانە ڕزگاری دەکەن.

- بەڵام لەشاردا بەتەواوی پێچەوانەیە و کەس ئاوڕی لێناداتەوە.

- لە گوندا؛ تاکەکان هەست بە پشتیوان و دڵسۆزی دەکەن و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوانیان هەیە؛ بەڵام؛ لەشار پێچەوانەیە، ئەمە وا لە شارنشینەکان دەکات ڕقیان لە کۆمەڵگە بێت و بیانەوێت تۆڵەی لێبکەنەوە.

- سیلین پێیوایە؛ مرۆڤی گوند خاوەن **کەسایەتییەکی دامەزراوترە و کەمتر لاسایی خەڵك دەکاتەوە**، ئەمەش وای لێدەکات بۆ **کەرەستە ماددییەکان؛ کاریگەر نەبێت و ژیانی بەلاوە سەخت نەبێت.**

- گوندنشینان، کەمتر پێویستیان بە **ئامرازەکانی گواستنەوەیە**، چونکە شوێنی کار و ماڵەوەیان لەیەکەوە نزیکە.

- هەروەها بەهۆی ئەو پەیوەندییە خزمایەتی و کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی، پێویستی بە **یانەی شەوانە و ناوەندەکانی سەرگەرمی نییە.**

- زۆرینەی گوندنشینان لەگەڵ **خێزانەکەی ئاسودەیە** و پێویستی بە **پەیوەندی سێکسیتر نییە.**

- خەڵكی خراپ لە گونددا كەمترە، وەك سروشتەكەی سادە و خاكین.
- خراپەكان لە گونددا **كەسایەتیەكی ناشرینیان هەیە** و ناتوانن ببنە **باند و گروپ**، ناتوانن كاریگەری لەسەر ئەوانیتر دابنێن.
- **تەنانەت لە هەموو وڵاتێكی سەرمایەداری، گوندنشینەكان كەمتر وابەستە و دارەدەستی ئەو سیستەمەن.**
- لە ڕووی **نایەكسانی و چینایەتییەوە**، گوندنشینەكان زۆربەیان لە **یەك چینی كۆمەڵایەتین**، ئاستی خەڵكەكەی لە زۆربەی بوارەكانی ژیان نزیك و هاوتان بەیەكتر.
- بەڵام لە شاردا بەو جۆرە نییە، هەژارەكان سەربای ئەوەی بەشخوراون؛ سەرمایەداران و چینی سەرەوە **بە كەمتر لەخۆیان لێیان دەڕوانن.**
- هەژاران لە زۆربەی دەرفەتە كۆمەڵایەتییەكان بێ بەشن.

- چەند چینێك لەشارەکاندا هەن؛ ئەندامانی ئەم چینانەش دەیانەوێیت بگوازرێنەوە بۆ چینێکی بەرزتر، بۆیە زۆرجار لە دەرفەتە رەواکان بێ بەشن، هەندێکیان پەنا دەبەنە بەر دەرفەتە نارەواکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

- ئەم تیۆرە، **هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی،** بەهۆکاری تاوان دەزانێت، پێیوایە بە ئەندازەی **لاوازبونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی؛ هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی زیاد دەبێت. بەو ئەندازەش ویژدان لاواز دەبێت و تاوان زیاد دەکات.**

- تۆرستن سیلین، داوای دروستکردنی گیانی هاوکاری و تەبایی دەکات، پێیوایە بۆ چەسپاندنی خۆشەویستی و خاکی بوون دەبێت بگەڕێینەوە بۆ شێوازی **پەروەردەی گوندییانە** و لە **سیستەمی شار و سەرمایەداری** دووربکەوینەوە.

- ئەم تیۆرە دەڵێ (هەر پێشکەوتنێکی تەکنۆلۆژیا شێوە و مۆدێلێکی نوێی تاوان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەر سیمایەکی شارنشینی؛ تاوانێکی بە دواوەوەیە)

تۆرستن سیلین Johan Thorsten Sellin له 1896 له سوید لەدایك بووە، له تەمەنی 17 ساڵی لەگەڵ دایك و باوکی کۆچ دەکات بۆ کەنەدا، له زانکۆی ئۆگۆستانا لەتەمەنی 19 ساڵی بڕوانامەی بەکالۆریۆس وەردەگرێت، پاشان کۆچ دەکات بۆ ئەمریکا و له زانکۆی پەنسلڤانیا بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا وەردەگرێت، له زانکۆی پەنسلڤانیا مامۆستا بووە له 1922تا 1967، لەساڵی 1994 کۆچی دوایی کرد، لەدوای خۆی چەندین کتێبی بەجێ هێشت.

لێرە دا تێبینی ئەوە دەکرێت کە خاتوونی توێژەرە له وڵاتانێک ژیاوە کە لە کەسیستەمی سەرمایەداری تێدا بووە له لای ئێمە جیاوازە

سەرمایە داری شارستانی سەرمایە داری جەنگەڵ باسی لێکچوون جیاوازییەکانیان بکە

**ئەم تیۆرە چەند ڕەخنەیەکی لێگیراوە کە بریتین لەوەی:**

١- ناکرێت تەنها یەك هۆکار هەبێت بۆ تاوانکردن، ئەگەر وابێت هەموو شارنشینەکان تاوانکارن و گوندنشیانان بێ تاوانن، لەکاتێکدا بەهۆی داخراوی کەلتور، نەریتی بوونی هاوڵاتیان، زۆر جۆرە تاوان لە گوندەکان ڕودەدەن کە لەشارەکاندا ڕونادەن.

٢- لەم سەردەمەدا جیاوازی شێوەی ژیانی گوند و شار، زۆر کەم بۆتەوە و جیاوازییەکە بەو ئەندازەیە قوڵ نییە کە تۆرستن باسی دەکات.

٣- ئایا بۆ ئەو تاکانەی لە ژینگەیەکی هەڵوەشاوەی کۆمەڵایەتین هەندێکیان دەبنە تاوانکار و هەندێکیان نابن؟ هەروەها ئەم تیۆرە تەنها لەسەر شارە ئەمریکییەکان تاقیکراوەتەوە و ناکرێت هەموو شارەکانی جیهان وەك شارە ئەمریکییەکان بخوێنرێتەوە.

٤- ئەم تیۆرە هەموو شارە سەرمایەدارییەکان و نا سەرمایەدارییەکان وەك یەك سەیردەکات، بەڵام هەموو شارەکان بەیەك ئەندازە کەلتوری شارنشینی و ماددەگەراییان نییە.

٥- ئەندازەی(کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، هەبوونی سەرچاوەی بژێوی و کار، ژمارە دانیشتوان، پابەندی خەڵکی شار بە ئاین و جۆری ئاین، کەلتوری کۆمەڵگە، ئەندازەی جێگیری خێزان و ژمارەی منداڵی ڕەوا و نارەوا، ...)ی شارەکان لێکجیاوازن، ناکرێت وەك یەك سەیربکرێن؛ بەڵام سەرباری هەموو ڕەخنەکان دەکرێت بڵێین **هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی، هۆکارێکی سەرەکی و گەورەیە لە دروستبوونی تاوان.**

# بەهیوای سەرکەوتن

